پەرلەمانتاریکی هەولێر : قەیرانی مووچە لە پارێزگاکەمان جیاوازی نییە لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەی کوردستان



کوردە عومەر عەبدوڵا پەرلەمانتاری عێراق لە سەر پشکی پارێزگای هەولێر ڕایگەیاند قەیرانی مووچەی فەرمانبەران لە هەولێر جیاوازی نییە لەگەڵ فەرمانبەرانی دیکەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان هەمان ئازار و مەینەتیان هەیە.

کوردە عومەر بە ئاژانسی موتەعی ڕاگەیاند " قەیرانی مووچەی فەرمانبەران لە هەولێر جیاوازی نییە لەگەڵ کارمەندانی دیکەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان."

ئەوشی خستووە " سەرجەم فەرمانبەرانی پارێزگاکانی هەرێم مووچەی مانگی کانوونی یەکەمی سالی ڕابردووبان وەرنەگرتووە".